سەید حەکیم داوا لە کۆمپانیا جیهانییەکان دەکات لەکەرتی بەرهەمهێنان هاوبەشی ئابووری لەگەڵ عێراق بکەن

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە شاندێکی ئەنجومەنی بێزنیسی عێراقی و بەریتانی کرد کە بەسەرۆکایەتی بارۆنە ئیما نیکلسۆن بوو، لەم دیدارە باس لە پەیوەندی ئابووری نێوان عێراق و بەریتانیا کرا لەگەڵ چۆنیەتی پێشخستنی، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر قۆستنەوەی ئەو هەلانەی عێراق لە هەموو بوارەکان دەیڕەخسێنێت. سەماحەتی ئاماژەی کرد کە ڕکابەری ئابووری کە ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە بەهۆی ڕووداوەکانی ناوچەکەیە و کاریگەرییەتی بەسەر عێراق، ڕوونیشی کردەوە کە عێراق بەڕێژەیەکی زۆر پشت بە نەوت دەبەستێت لە بودجەکەیدا، بەڵام ئێستا تووشی پاشەکشە بووە لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت، بەلام ئەوە نزیکی کۆتاییهاتنی ئەو قەیرانەیە کە کاریگەری لەسەر ئابووری جیهان کردوە.

سەماحەتی هیوای خواست مکە عێراق خۆی لەکۆڵ تاکە داهاتی بکاتەوە و پەنا بباتە بەر فرەیی ئابووری کە ئەویش لەڕێگەی پەرەپێدان و ئەکتیڤکردنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و و□ بەرهێنان و تەکنەلۆژیا دەبێت و داوای کرد هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان بکرێت لەگەڵ گۆڕینەوەی ئەزموون لەگەڵ کۆمپانیا بەریتانییەکان.